



# ڤەگێڕی نیوەمر

گۆران سەباح

گۆشـەنیگای کەسـی یەکەمـی تـاک بـۆ ئەوەیـە ڤەگێـڕ، هەمووشـتزان نەبێـت، ئـاگای لـە هەمـوو شـتێک نەبێـت. لـە دەقـی «نیوەمـر»دا، لـە نووسـینی دڵـدار دالـەڕێ، ڤەگێـڕ، بـە گۆشـەنیگای کەسـی یەکەمـی تـاک، چیرۆکەکـە دەگێڕێتـەوە، بـەڵام بـە ڤەگێـڕی کەسـی سـێیەمی تاکی هەمووشـتزان دەچێـت، ئەمەیـش لـە دنیـای گێڕانـەوەدا کارەسـات دروسـت دەکات.

ڤەگێـڕی هەمووشـتزان ، ئەگـەر ئـاگات لـێ نەبێت، دەبێتـە ڤەگێڕێکی نادروسـت و قەناعەتپێنەکـەر. کـە ڤەگێڕیشـت وابـوو، چیرۆکەکـەت جێـی متمانـە نابێـت و خوێنـەر زوو لێـی بێـزار دەبێـت. لـە واقیعـدا، هیـچ کەسـێک کامـڵ نییـە، هیـچ ڤەگێڕێـک هەمـوو شـتێک نازانێـت. کاتــێ ڕۆماننووسـێک دێ، ڤەگێڕێکـی هەمووشــتزان بــەکار دەبـات، خـۆی قەبرێـک بـۆ ڕۆمانەکـەی و بـۆ ڤەگێڕەکەیـش لـێ دەدات. ئـەی ئەگـەر گۆشـەنیگات هەڵـە بـوو؟ ئەوەیـان خراپتـرە، چونکـە هەمـوو شـتێکی نێـو دەقەکـە لـە ڕاسـتی دوور دەبێـت، خوێنـەر درکیـان پـێ دەکات و واز لـە خوێندنـەوەی دێنێـت.

لـە دەقـی «نیوەمـر»دا، ڤەگێـڕ ئـاگای لـە هەمـوو شـتێکە، هەمـوو شـتێک دەزانێـت، تەنانـەت ورد و دڕشـتی خەونێکـی خـۆی لـە بیـرە. هـەر یەکـێ خـەون ببینێـت، تـەواوی وردەکاریـی خەونەکـەی لـە بیـر نامێنێـت، ئەمەیـش ئاسـاییە، چونکـە ئـەوە ڕاسـتییەکەیە. لێـرەدا خوێنـەر دکارێـت بڵـێ، «وای لـەو درۆ گەورەیـەی!» بـۆ دەربازبـوون لـەم چاڵـەی گێڕانـەوە، دەبـێ ڤەگێـڕ وەک هـەر کەسـێکی ئاسـایی هەمـوو شـتێک نەزانێـت، بەتایبەتـی ئەگـەر ڤەگێڕەکـەت پاڵـەوان بـوو. بۆچـی دەبـێ پاڵـەوان کامـڵ بێـت؟

هونـەری ڕۆمـان لەوەدایـە دەبـێ ڕۆماننـووس کارەکتـەر و ڕووداو بخوڵقێنێـت. لـەوەش هونەریتـر ئەوەیـە هـەوڵ بـدەی کارەکتـەر و ڕووداوەکان قەناعەتپێکـەر بـن، ڕاسـتی بـن. یەکـێ لـە کارە هـەرە

قورسەکانی ڕۆماننووس ئەوەیە ڕووداو و کارەکتەر و چیرۆکەکەی هێندە ڕاستی بن، خوێنەر باوەڕیان پێ بکات. کاتێ ڕۆمانێکی پرۆفێشناڵی ئەفسانەیی دەخوێنییەوە، باش دەزانی ئەفسانەیە، بەڵام باوەڕ بە هەموو ڕووداوەکانی دەکەی. لە خوارەوە بە چەند نموونەیەک لە دەقەکە، ئەوە دەخەینە ڕوو بۆچی لە دەقی «نیوەمرد»دا، ڤەگێڕ نیوەمردە.

با لە ڕستەی یەکەمی دەقەکەوە دەست پێ بکەم.

«شەوێکی تاریکی کۆتاییەکانی هاوین بوو، تەنیا ئەستێرەکان بە ئاسمانەوە دەدرەوشانەوە.»

لە کتێبی «چۆن ڕۆمان دەنووسرێ»دا، بە وردی باسی ڕستەی یەکەمی ڕۆمانم کردووە. گەلێ ڕۆمانی کوردی هەن، بە ڕستەی کلۆر و سیس دەست پێ دەکەن. ئەم ڕستەیەی سەرەوە نموونەیەکە لەوانە. ڕستەیەکی مردووە، دەقەکەیشی لەگەڵ خۆی لە گۆڕ ناوە. لەگەڵ خوێندنەوەی ئەم ڕستەیە، زانیم ڕیتمی گێڕانەوەکە چۆنە: بێزارکەر. ڕستەکە چیمان پێ دەڵێت: وەرزەکە دیاری دەکات. بە واتایەکی تر، کاتێک دیاری دەکات، شەوێکی هاوین. بەم جۆرە دەستپێکانە، لە دنیای پرۆفێشناڵی نووسینی داهێنەرانەدا، دەڵێن دەستپێکی سواو. بێتامترین و تەمبەڵترین و کلۆرترین دەستپێکە. هیچ ڕوو نادات. هیچت پێ ناڵێت. ئەگەر لای بدەین هیچ لە پرسەکە ناگۆڕێت. ڕستەکە دە وشەیە، حەفتی زیادە. بنۆڕێ: «شەوێکی کۆتایی ئاب»، بەسە. شەو خۆی تاریکە، هەر لە شەویشدا ئەستێرە دەدرەوشێنەوە. بێ و هەر تەنیا ئەو سێ وشەیە با، سەرنجراکێش دەبوو. ڕستەی تەواو نییە. پارستەیە. بەڵێ دەکرێ ڕۆمان بە ڕستەیەکی ناتەواو دەست پێ بکەی. شەوێکی کۆتایی ئاب، پرسیار لای خوێنەر دروست دەکات، بەڵام ڕستەی یەکەمی دەقەکە هەموو پرسیارێک لە خوێنەردا دەکوژێت.

دەتوانم، دوو هەزار وشە لەسەر ئەم ڕستەیە بنووسم. لێرە دەیبڕێنمەوە، چونکە پێشتر لە کتێبی ناوبراودا باسی ڕستەی یەکەمم کردووە.

**پەرەگرافی یەکەم:**

«ڕستەی یەکەم. هیچ ڕووناکییەکی تر نەدەبینرا. چونکە ئەوان بە درێژایی ڕۆژەکە هیلاک دەبن و ڕەنج دەکێشن لە پێناو پەیداکردنی پاروو نانێک. شەوان دوای بانگی خەوتنان هەموو ڕووناکییەکیان دەکوژاندەوە و دەخەوتن. گوندنشینەکان وابوون.»

لە ڕووی ژمارە، کورتی، ڕەوانیی ڕستەسازی و پەرەگرافسازیدا، هیچ گرفتی نییە. پەرەگرافێکی پێنج ڕستەیی دروستە. گەلێک باشترە لە پەرەگرافە درێژ و سەقەتەکانی ڕۆماننووسانی ناوداری کورد. بەس ئەم پەرەگرافە هیچ مانایەکی نییە. شتێک هەیە پێی دەڵێن «گوتنی شتە ڕوونەکان»، واتە پێویست ناکات بێی باسی خەڵکی گوندیمان بۆ بکەی. خوێنەر دەزانێت ئەوان چۆنن. نووسینی ئەو شتە زانراوانە، بێزارکەرن. وشە خەسارکردنە. ئەگەر خەڵکی ئەو گوندە وا نەبان، ئەو کات پێویست بوو باس بکرێت.

**پەرەگرافی دووەم:**

هیچ پێویست ناکات. بەهەدەردانی وشەیە. زۆر گۆتنە. پێویست ناکات بڵێی سەگ لە گوندی بە شەوان دەوەڕێت و چەقەڵیش قیژەیان دێ. ئەرێ چەقەڵ دەقیژێنێت؟ لێرەدا ڤەگێڕ دەیەوێت بڵێت من ئاگام لە هەموو شتێکە، هەموو شتێک دەزانم، هەست بە هەموو شتێک دەکەم، دەتوانم لێکدانەوە بۆ هەموو شتێک بکەم. پێویست ناکات ڤەگێڕ ئەو یارییە بکات.

**لە پەرەگرافی سێیەم و چارەم و پێنجەمدا:**

هیچ ڕوو نادات. تەنێ وەسفە. نووسەر دەیەوێت بەم پێنج پەرەگرافە ژیانی شەوانەی

گوندێک پیشان بدات، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە، لەبەر وەسفی سواو و بەهەدەردانی وشە و زۆر گۆتن.

پەرەگرافەکانی دواتر وڕێنە و ئەستێرەژماردنە. دیسان هیچ ڕوو نادات. وەک گۆمێکی مەنگ، بۆنی بۆگەنی شتەکانی ناوی (وەسف و زۆر گۆتن) ڕۆژە ڕێیەک دەڕوات. من وەک خوێنەر کاس بووم. هەر کاتێک ڤەگێڕ ویستی هەموو شتێک پیشان بدات، یان بیەوێت خۆی نمایش بکات، دەبێتە زۆربلێیەک کە هیچ نالێ.

ڕۆژی پاشتر، ڤەگێڕ خەونەکەی بیر چووەتەوە. دەڵێ، «زۆر لە خۆم دەکەم تا دێتەوە بەر چاوم ...» (لا٩)، واتە هەرچەندی دەکات خەونەکەی نایەتەوە یاد، کەچی لە پەرەگرافی دوای ئەوە، یەکسەر دەڵێ، «لە خەوەکەدا بینیم ...» (لا١٠). هەر ڕستەیەک پێش ئەوەی خەونەکەی بگێڕێتەوە، دەیگوت زۆر دەکات بێتەوە بیری، کەچی ئێستە بە وردی خەونەکە دەگێڕێتەوە، ئەمە لە ڕۆماندا پێی دەڵێن «چاڵ»، واتە چتەکان تێک ناکەنەوە، قۆڵت لە گێڕانەوەکەدا هەیە، ئەمەیش وا دەکات خوێنەر قەناعەت بە چیرۆکەکە نەکات و لە خوێندنەوە بوەستێت.

ئەگەر یەکێک زۆر لە خۆی بکات شتێکی بە بیر بێتەوە، ڕەنگە بە ئاستەم چەند شتێکی کەمی بیر بکەوێتەوە. بنۆڕنێ لێرە ڤەگێڕ، بە وردی دێتەوە بیری:

«کچێکی باڵابەرزی چواردە ساڵی، کە تازە سینگ و مەمکی دەرکەوتبوو، چاو ڕەش و پرچ قاوەیی، ئەو پرچەی کە کەوتبووە دەست با، با یاری بە تاڵەکانی دەکرد. گوارەیەکی زیوینی گەورەی زڕپۆلی لە گوێی بوو، خەزێمێکی ئەڵقەیی و ملوانکەیەکی دەنک دەنکی زیوی و هەندێک لەپکی شینی لە مل بوو. بە پێخواسی و جلێکی شیتاڵی شیتاڵی سپی لەناو ئەو بیابانە ڕووتە ڕاوەستاوە و داوای یارمەتی لە من دەکات!» (لا١٠).

چاو دێ، ئەو هەموو وردەکارییەی، ئەوە ڤەگێڕ، بە حسێبی خۆی، خەونەکەی لە بیر کردووە. ئەگەر بە وردی سەیری وەسفەکە بکەین، ئەم جۆرە وەسفە سواوە، باوی نەماوە، کۆنە، بێتام و دروستکراوە، دوورە لە ڕاستی. (کە تازە سینگ و مەمکی دەرکەوتبوو) هەر پێویست ناکات، کە تەمەنت گوت، پێویست بەوە ناکات. وەسفەیلی دوای ئەم پەرەگرافەیش بێ کەڵک و زیادن. ئەوەیە هاواری من، کە دەڵێم ڕۆمانی کوردی (٣٠٠) لاپەڕەی زیادە. وشەدانی نووسەرانی ئێمە دڕاوە، هەرچەندی هاوار بکەی، سوودی نییە.

پێویست ناکات باسی بەشەکانی تری دەقەکە بکەم. وەک ئەو تێبینیانەی سەرەوەیە: وەسفی نابەجێ، وشە خەسارکردن، دیالۆگی لاواز (نموونە: لە بەشی یازدەدا، لا١٢٧-١٣٧، دە لاپەڕ دیالۆگی بێ مانا). دەقێکی لاوازە. نووسیارێکی (ئێدیت) باشی گەرەکە. لێی قوت بکەم و دەستکاری بکەم، بایی چیرۆکێکی بیست لاپەڕەیی لێ دەمێنێتەوە، بۆیە حەیفە ناوی ڕۆمانی لێ بنێین. لەگەڵ ئەوەشدا، نووسەر گەنجە و دەتوانێت پەرە بە تواناییەکانی بدات. هێندە لە چاپکردن پەلە نەکات. نووسەر زمانی نووسینی باشترە لە ڕۆماننووسانی ناودار، بەس پێویستە لە هونەری ڕۆماننووسین باشتر شارەزا بێت، ئەوجە بێتە مەیدانەکە. نووسەر توانایی هەیە و لێشی ڕادەبینم زۆر لەوە باشتر و جوانتر بنووسێت.